نیعمەت زەحمەتكێش:

# زۆربەی نووسەران حەقكوژی دەكەن

دیداری/ هاشم عاسی كاكەیی



كاك نیعمەت زەحمەتكێش یەكێكە لە روناكبیرە یارسانەكانی كوردستانی رۆژهەلآت و نووسەرێكە زیاد كاری كەلەپووری دەكات بۆ زیندوكردنەوەی بیروباوەڕ و كەلتووری یارسانان. لە دەیەمین فێستیڤاڵی روناكبیری گەلاوێژ لە شاری سلێمانی چاومان پێكەوت و چەند پرسیارێكی هەمەچەشنەمان ئاراستەكرد:

- لە كەیەوە خەریكی كاری نووسینی؟

- چوارده ساڵه خەریكی كۆكردنەوەی شانامەی كوردیم، زۆربەی تێكستی ئاینی یارسانم كۆكردووەتەوە بە تەمامی لێكۆڵینەوەیەكی ناوخۆیی خۆمانەم بۆ شارەزاكردنی یاران هەروەها زۆر لەو دەسنووسە عیرفانیانەم كۆكردەوەتە كە تایبەتن بە دەروێشانی وەك دەروێش قولی كرندی، مەلاوەڵەوخان، كابەشەر دەروێش هەیاس، دەروێش كاكی مامە قولی..ساسورخاو، هەروەها زۆربەی نامەگەلێك لە نێوان ئەم دەروێشە ئاینیانە ئاڵو گۆڕكراون لە لام پارێزراوە جگە لە چیرۆكی دڵداری و داستانەكانی ناوچەكانی گۆران و یارسانم كۆكردوەتەوە ، ئارەزووم بلاوكردنەوەیانە هەرچەندە لە گۆڤارەكاندا نویشكێ لەبارەیانەوەم نووسیوە. لەو داستانانە وەك: بارام و گوڵندام ، حەیدەر بەگ و سنەوبەر ، خورشید خاوەر، شیرین و فەرهاد، بیژەن و مەنیژە.

لە داستانە ئاینییەكان ئەفسانەییەكان لەوانە جەنگی ئیمام عەلی لەگەڵ جەمشید شا، ئیمام عەلی لەگەڵ مقاتل- جەنگاوەر. شایەنی باسە ئەم داستانانە بەزمانی شێوەی گۆرانی زمانی كوردی نووسراون ، جگە لەمانەیش نووسینێكم لایە هەر بەو شێوە زمانە نووسراوە باسی (جەنگنامەی جیهان) دەكات نووسەرەكەی ناوی (كەی خەسرەو خەڵەف حەسەن قەرە ئالوسییە) ئامادەم كردووە بۆ چاپ و فەرهەنگۆكم بۆ كردووە. لەڕاستیدا لە نێو شانامەكاندا ناوی گەلێ شوێن هاتووە من توانیم ئەو شوێنانە بناسێنم .

- لە كام گۆڤار و رۆژنامە بەرهەمەكانت بلاودەكەیتەوە.

- لە (گۆڤاری مەهاباد) كە گۆڤارێكی ئەدەبی كۆمەلآیەتی مانگانەیە، لە (هەفتەنامەی سیروان)یش بابەتەكانم بلاودەكەمەوە، ئەو بابەتانەی بلاویان دەكەمەوە بەشێوەی كوردی كەلهۆڕین ، چونكە ناوچە لای ئێمە ئێستا شوێنی گۆرانی گرتووەتە چونكە زۆربەی شاری كرماشان كەلهۆڕی زوانن، كاریگەری زۆری هەیە لەسەر زمانەكەمان ، بەلآم زمانی ئاینییەكەی یارسان (گۆران/ ماچۆ) پارێزراوە، هەروا تاكە كەسێكم لە تاران توانیومە دەرس وانەی ماچۆ زمانی یارسان بەوكەسانە ئاشنا بكەم بەرەگەز فارسن یا كوردن و تورك سەربە ئاینی یارسان هەفتەی رۆژێك.

- وەك یارسانییەك رۆڵی روناكبیری یارسانان چییە بۆ پێشەوەبردنی یاران؟

- روناكبیری یارسان ئەگەر ئاشنایەتی هەبێ لە زمانی كوردی و كتێبی پیرۆزی یارسان، ئەركی ئەوەیە ئەو كلآمانە راڤە بكات و دیارە ئەو كارو كردەوانەی روناكبیری ئێمە دەیانگێڕن كارێكی ناوخۆیین و هیچ دەزگایەكی رەسمی نییە بۆ ئێمە كاربكات، ئێمە خۆمان پێدەگەێنین و هەر تەكیەو جەمخانەیەك كاری خۆی بەرێكی بەرێوە دەبات، لەهەر جەمخانەیەكدا بەشی فەرهەنگیمان هەیە، گرۆی تەمیرە ژەنمان هەیە، زیاتر كاری رابەرەكان بریتییە لە تێبینی و

سەرنج دەربڕینی خۆیان، ئێمە زۆرجار یادی پیاو چاکانی خۆمان دەکەینەوە بە ئامادەبوونی هەموو ئەو گرووپانە، لەم ساڵانەی دواییەدا کۆبوونەوەی تایبەت کرا بۆ یادی پێنج ساڵەی شەهید بوونی سەید خەلیل. هەروەها یادی یار مراد خان کە زانایەکی یارسان بوو کراو ڕێزی لێگیرا چونکە خزمەتی ئاینی یارسانی کردووە. جگە لەوە یادی سیاوەش تەیمووری و حەزرەتی شێخ ئەمیر کرایەوە، ئەمەیان زیاتر بریتی بوو لە بازنەی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کلامەکانی ئەو زاتە. هەروەها بۆ زانایانی یارسانی تورکمانی ئازەری لەوانە حەزرەتی قوشچی ئوغلی و سەید حەسەنی بەغدادی.

شایەنی باسە ئاهەنگ و کۆڕێکی گەورەمان سازدا لە (شێخان)ی نەوسوود بەبۆنەی نۆژەنکردن و دروستکردنەوەی بارەگەی حەزرەتی سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی (سەهاك) و دروستکردنی جەمخانەیەکی گەورەی دوو نهۆمی (800)م ، لەم ئاهەنگەدا زیاتر لە (35) هەزار یارسانی بەشداربوون هەر لە شێخانەوە تا پاوە خەڵك جمەی دەهات، بەرپرسانی ئێرانیش تیایدا بەشداربوون، لەوانە قائمەقامی نەوسوود و پاوە و هەورامان.



- یارسانان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا لە کوێدا هەن؟

- یارسانان لە چەند ناوەندێکی سەرەکییدا دەژین دەتوانین بڵێین(90٪) دانیشتووانی ئەم ناوچانە کوردی یارسانین وەك: قەزای کرند غەرب، قەزای داڵەهۆ بەگشتی، شارۆچکەی گاوارە، ناحیەکانی وەك قاڵخانلو-قەڵخانی، پیشتەنگ زەهاو، (کەڵکوش و مەنشی) سەر بە ئێڵی گەورەی کەڵهۆڕن لە قەزای گەیلان غەرب، شارەکانی سەرپێڵ زەهاو ، قەسری شیرین، (ئیسلام ئاباد لە (40٪) یارسانی)ین، هەروا شاری کرماشان لە(25٪) یارسانین. شوێنە پیرۆزەکانی پارێزگای کرماشان بەگشتی وەك پردیوەر، شێخان، نەوسوود ، دزاوەر، ساجنار، سەید عەبدولوەفا، ملەی پاڵنگان، ششمیر، تەشار، حەزرەت داود کەوەسوار، حەزرەت مستەفای قەهار، حەزرەت خاتون رەزبار، سەید محەمەد گەورە سوار، پیرمیکائیل داودان. شاری سەهەنە شارێکی گەورەی یارسان نشینە لەگەڵ دەوروبەری، هەروا لە شارستانی قەزای داڵەهۆشدا شوێنگەلێکی پیرۆزهەن لەوانە: مەقامی بالول دانا، مەقامی حەسەن گاویار، چەرمی سوار، بۆرەسوار ، مەرقەدی باوە یادگار ، مەرقەدی سەید دەروێش، مەرقەدی ئەسحاب زەنگی ، مەرقەدی ئافتاو شەریف، دوو دانە کانی پیرۆز بەناوەکانی هانیتاو غوسلان، مەرقەدی بابافەقێ، مەرقەدی جێنشینەکانی باوەیادگار بە ناوەکانی سەید خەیاڵ و سەید ویساڵ.

- لەدەڤەری لوڕستان شارەکانی سڵسڵەو دڵڤان جێگای سەرەکی یارسانی کاکەییە، ئەمانە هەموو لە ئێڵی لەکن و حەزرەتی شاخۆشین لێرەدا زهوری کردووە، شوێنە پیرۆزەکانیشی وەك، بابا بزورگ، یافتەکۆ، حەسەن گاویار، کاڵ نازار، مەیزەرد، کاکەڕەیا، باوە عەباسی، شا ئەحمەد، ماما جەلالە. بەلاّم شوێنە پیرۆزەکانی ناو شاری کرند: مەرقەدوکانی پیرموسێ، پیر بنیامین، پیر شەمس عەلەمدارهەروەها کۆشکی سەید سمایل و بارگەی سەید رەزا بەگ، هەروا لە دەڤەری توتشامی مەرقەدی سەید براکەی لێیە، جگە لە سەید رۆستەم و زۆربەی یارەکانی و تەکیەکەش بە یادگار ماوەتەوە جێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەی یارانە. لە سەرپێڵ زەهاز دوو مەقامی پیرۆزهەن بە ناوەکانی دوکان داود، دار بالویل، باوە ئەسکەندەر. گۆڕی باوە حەیدەر دەکەوێتە شارۆچکەی کەڵکوش و مەنشی(حەیدەری)یە. قەزای کەلار دەشت لە پارێزگای مازندەران بە زۆری کوردی لەکی یارسانین. چوار تا پێنج ملیۆن یارسانی لە ئێراندا هەیە.

لە گوندی بانیاران مەقامی شا تەیمور بانیارانی هەیە کە ناودارێکی پایەبەرزی یارسانەو زیارەتگایە لە ناحیەی قەڵخانی گۆڕی قەلەندەر بەگ کوڕەزای شا ئیبراهیم و مەقامی خوییار و سەید حەبیب شاە سەراو قەڵا، عەلی زاح هەیە.

له ناوچەی سەهنەی کرماشان مەقامی مله باوەلین که شێخ ئـەمیر و سـەید فـەرزی لەوێدا بـه یـەك گەیشتوون . سـەید نەسرەدین حەیمون ئابادی مەقامی  شاه هەیاس و گۆڕی چـەندین لـه نـەوەکانی لـه دێـی جەیحون ئـاوا. هـەروەها گۆڕی زانای کوردی زمانی گۆران  حاجی نیعمەتوڵڵا  جەیحون ئاوا. بەڵام لەناوشاری سەهەنه گۆڕی سـەید خـەلیل ئـالی نـەژاد و شا فـەتحوڵڵای گـۆران، مـەقام تـەیمووردی دووەم. لـه گونـدی قەزوینـه دێ وەکـو گـۆڕی سـەید فـەرزی و شـێخ ئـەمیر و چەندین له یارانی تێدان. هەروا له قەزای سەنقور نزیك به سەهەنه گۆڕی حاجی باوەیسی تێدایه. ئێستا دەپەڕینـەوە دەرەوەی کوردستان و لەو شارانەدا یارسانی تێدان وەکو پارێزگای زەنجان بەتایبەت ناوچەی ئـەنگوران و ئەبحەر گۆڕی سەید حەسەن له گوندی قەلەجوق دایه هەروا یەکێك له ئەولادانی میری سوور له گونـدی شێخ ئـەبو تالیبدایـه، شایانی باسه ناوچەی ئـەنگوران و ئەبحەر لـه زەنجان بـه خوێشەوە لـه یارسانانی تـورکی ئـازەرین و لـه بنەڕەتدا لـه سـەیدانی خانەوادەی میری و مستەفاین و پیران و موریدان زمانی تورکییان هەڵبژاردووە.

له ئازەربایجانی رۆژئاوا که بەشێکه له کوردستانی ئێران له قەزای تیکاب – تیکاو که شارێکی پـیرۆزی یارسانان بـووە لـه سەردەمانی ڕابردوودا لەسەرەنجامدا ناوی هاتووە به (شیز) که یارسانی کورد و تورکی تێدان. ئەمانـه زۆربـەیان سـەربه خانەدانی  ئاتەش بەگ و ئالی قەلەندەرن، میرو مستەفایشیان تێدایه. هـەروا لـه ناوچـەی میـان دوئـاو- میـان دوئـاب- کـه یارسانه تورکەکانی لێدەژین که بـه گۆران بـەناونگن و زۆربـەیان ئاتـەش بـەگین. هـەروا لـه شـاری ورمـێش کـه ناوەنـدی پارێزگای ئازەربایەنجانی رۆژئاوایه یارسانانی تورکی تێدان به گۆران بەناوبانگن.

لـه ئازەربایەنجانی رۆژهـەڵاتیش کـه ناوەندەکـەی شـاری تـەورێزە یارسـانانی تـورکی تێـدان بەڕێـژەیـەکی کـەم، بـەڵام لـه شارۆچکەی ئیلخچی ، (80٪)یارسانی تورکن.

لـه پارێزگـای هەمـەدان و دەوروبـەری یارسـانی تێـدان بەڕێژەیـەکی زۆرکـەم لـەناو شـار و دێهـاتی وەك موبـارەك ئـاوا، تەرافییه، چەندین دێی دی. گۆڕی پیرۆزی بابا تاهیری ئەهلی هەق دەکەوێتـه نـاو شارەوە زیارەتگای یارسـانان و خـەڵکی تره. هەروا (دێی ئارومەن) که شوێنی دیـداری شاخۆشـین و بابـا تـاهیرە دێیـەکی یارسـانان بـووە لـه ڕابـردوودا، بـەڵام لـه تاران ڕێژەیەکی بـاش هەیـه نزیکـەی (24) دانـه جەمخانـەی پـڕ لـه کـوڕ و کۆبوونـەوەیان هـەس، تاڕادەیـەك ئـازادین لـه عیبادەت و ئەنجامدانی مەراسیمەکان. هەر له تاران یارسان دوو گۆڕستانی تایبەت به خۆیانیان هەیـه یـەکێکیان لـه دێـی (بەها) که نزیکەی (300) ساڵ دەبێ کاکەیی نشینه، ئەوەی تر له قەزای ئیلامی شاری تاران گۆڕستانێکی تری گـەورەیان هەیه که گۆڕی حەزرەت شـێخ عـەلی نـەزەر جـەناب  کـه یەکێکـه لـه زانایـانی یارسـانی تێدایـه. لـه دەماوەنـدی تـاران لـه شارۆچکەی (رودهن) (بوم هن) یارسانێکی زۆر دەژین.

- تا چەند هەنگاو نراوە بۆ به چاپگەیاندنی کتێبه پیرۆزەکانی یارسانی؟

- لای ئێمه زۆر کتێب به ناو کتێبی ئاینی بەچاپ گەیشتووە لەلایەن کەسانی غـەیرە یارسانەوە کـه شارەزایەکی باشـیان لـەم ئاینـەدا نییـە و هەریەکەشـیان قـسەی ئـەوی تـری دووپـات کردووەتـەوە. ڕەنگـه ئەمەشـیان بـۆ دڵسۆزییان بگەڕێتەوە ئەمەش بۆخۆیان به خزمەت دەزانن، بەڵام خزمەتی ئێمه ناکەن، چونکه هەنـدێکییان پـەنایان بردوەتەسـەر کەسـانی ناشـارەزای کاکـەیی ، بۆیـە کارەکانیـان ناپوختـە، بـڕێکیش لەبـەر نـەبوونی تێنەگەیشتنی له فەلسەفەی ئاینی یارسان کارەکانیان تێکەڵ و پێکەڵە و هێرشیان کردووەتـه سـەرمان. بـەڵام یارسانان پەنادەبەنه بەر ئەو دەسنووسانەی که ماوەیەکی درێژە لای خۆیانیـان پاراسـتووە، تـەنیا کتێبێـك مـن بە دڵم بووبێ کتێبی نووسەر (محەمەد عەلی سوڵتان)ی بوو به ناوی (خانەدانهای موتەئەخر ئەهل هـەق) کـه ئەویش تەنیا پێناسەی خانەدانەکانی ئێمەی کردووە و خۆی  له قەرەی دینەکه نەداوە.

هەندێك دەسنووس هەن لەلایەن زانایانی تورکی یارسان تایبـەتن بـه کـەلام (24) گۆینـدە ئەوانەیـشە بەڕاسـت دەزانـین و جێگای بڕوایه و ئەوان له نێوان خۆیاندا ئـاڵوگۆڕی پێدەکەن. لـەناو خۆمانـدا چـەند کتێبێـك چاپکراوە، یـەکێك لەوانـه (ئسووڵ ئاین یاریی) نووسەرەکەی سەید مەسعوود ڕەزا بەگییه، عەلی دەر کلام کورد لەلایەن هـەمان نووسـەرەوە، چـەند کتێبێك لەلایـەن نووسـەری یارسـان مەجیـد ئـەلقاس، هـەروەها زانـای بـەناوبانگ سـەید قاسـم ئـەفزەڵی شاه ئیبراهیمـی، ماشەڵڵا سووری، سەید بەرزۆی دانشوەرەوە وەکو کتێبێـك بـه نـاوی (دیوانـه گـەورە) کـه زۆربـەی کلامـەکانی تێدایـه کـه

سەید محەمەد حوسێنی بڵاوی کردووە، کتێبی دی لەم دواییەدا بڵاوکراوەتەوە کە کتێبێ چاکە بەناوی (رسالەی یاریی) کە زۆربەی دوعاکان تایبەت بەڕێوڕەسمەکانی یاریی تێدایە لەلایەن سەید خەلیل عالی نەژادەوە کۆکراوەتەوە لەلایەن بنەماڵەیەوە بڵاوکراوەتەوە.

- دوا وتەتان بۆ خوێنەری کورد چییە؟

- داواکارم خوێنەری کورد لایەك لە ئەدەبیاتی یارسانی بدەنەوە، چونکە مێژووی ئەدەبیاتی کورد لکاوە بە ئەدەبی یارسان و پێویستە ئەو دەسنووسانە بە شێوەیەکی باش ساخ بکرێنەوە و چاپ بکرێن و بێ لایەنانە بڵاو بکرێنەوە ، ڕێز لەو دەقانە بگیرێت ، چونکە ئەو دەقانە پیرۆز و ئاینین ، هەر لایەنێك بییەوێت کتێبێکی ئاینی یارسان چاپ بکات دەبێت پسپۆڕێکی بواری ئاینی یارسان چاوی بەو بەرهەمە بکەوێت و سەرنجی خۆی بەرامبەری دەربڕێت، چونکە زۆربەی نووسەران حەق کوژی دەکەن، داواکاریشم لە یارسانانی کاکەیی لەباشووری کوردستان بگەنە مافە ئانیيەکانیان و تایبەتمەندییەکانیان لە دەستووری نوێی کوردستان پارێزراو بێت و ناویان وەك تایفەیەکی کوردستانی هەبێت.